# تەوەرێک لە سەر نەخۆشیەکانی  گوورچیلە

# Nephrotic disease

**بەشی نۆیەم**

گوڵاڵە پشدەری
Qualified Nurse



**پێرست**

1- گوورچیلەکانت زۆر گرنگن بۆ ژیان
2- گوورچیلەکانت چۆن کار ئە کەن؟
3- توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە بارەی گوورچیلەکان
4- گوورچیلەکان و بەرز بوونی پەستانی خوێن- Hypertension
5- گوورچیلەکان و نەخۆشی شەکرەی خوێن- Diabetes
6- گوورچیلەکان، نەخۆشی گوورچیلەکان و تووانای زاوزێ- Fertility
7- کێشەی ویراسی بلۆقە کان-کیسەکانی گوورچیلە - Genetic Kidney Cysts
8- بەردی گوورچیلە- Kidney Stone
9- التهابی ڕێگای میز- Cystitis Inflammation&Urethritis Inflammation
10- التهابی بەشی پاڵاوگەی(فیلتەری) گوورچیلە- Glomerulonephritis
11- غودەی گوورچیلە-Kidney tumor
12- کەمتر کارکردنی درێژخایەنی گوورچیلە- Chronic Renal failure / kidney failure
13- پاڵاوتنی خوێن-Dyalese
14- گۆڕینی گوورچیلە- Kidney Transplantation
15- سەرچاوەکان

لەم بەشەدا تیشک دەخەینە سەر کێشەی التهابی میزڵدان و گشت ڕێگاکانی میز.

التهاب و یان هەو کردن/چڵکگرتنی ڕێگاکانی میز واتا: گوورچیلکان، تاجەکانی ناو گوورچیلە،حەوزی گوورچیلەکان،بۆڕییەکانی میزهێنەر، میزڵدان و میزدۆش.

التهابی میزڵدان باس لە هەو کردن یان چڵکگرتنی بەشی ڕێگای میز هی خووارەوە دەکات واتا میزڵدان و خووارێتر واتا: Cystitis infection or inflammation
ئەگەر التهاب یان چلکگرتن بەرەو بەشەکانی سەرەوەی ڕێگاکانی میز بڕوات، دەبێتە هۆی چڵکگرتنی حەوزی گوورچیلەکان واتا Pyelonephritis

## ڕێگاکانی میز کەوتوونەتە کوێ Anatomy

میز لە بەشی تاجەکانی گوورچیلەوە گوورچیلە بەجێ دەهێڵێت و دەچێتە ناو حەوزی گوورچیلەکان و لە وێشەوە بە ڕێگای بۆڕییەکانی میزەوە دەچێتە ناو میزڵدان. لە کۆتاییدا میز بە ڕێگای میزدۆشەوە میزڵدان بەتاڵ دەکات.

بۆڕییەکان و حەوزیگوورچیلەکان بە بەشی سەرووی ڕێگاکانی میز و میزڵدان و میزدۆش بە بەشی خووارەوە ی ڕێگاکانی میز لە قەڵەم دەدرێن.




وێنەژمارە 1: ڕێگاکانی میز کەوتوونەتە:

1- ستوونی پشت(جمگەکانی پشت) یان Vertebral column
2- گوورچیلە یان Kidney
3- بۆڕییەکانی میز هی ناو زگ یان Ureters
4- حەوز یان Pelvis
5- میزڵدان یان Bladder
6- میزدۆش یان Urethra

## چڵکگرتنی میزڵدان یان Cystitis

چڵکگرتنی میزڵدان هەمیشە بە هۆی هاتنە ژوورەوەی باکتریایەکانە بۆ ناو میزڵدانە. زۆرجار هاوکات میزدۆشیش لە گەڵیدا تووش دەبێت.هەندێک جاریش ڕووی دەدات کە میزڵدان بە هۆی هۆکاری کیماییەوە التهاب بکات وەک؛

بەکارهێنانی سابون یان شامپۆ بۆ شۆردنی ئۆرگانەکانی جنسی.

## نیشانەکان

ئەگەر بێتوو مرۆڤ زوو زوو( کەمۆکەیەک) میز بکات، ئەوە ئەگەری هەیە کە میزڵدان التهابی کردبێت.

ئەوە هەندێک کێشەی تری بەدوواوەیە کە ئازار یان هەست بە سووتانەوە کاتێ میزکردنە.

هەروەها هەستی ئەوە هەیە کە میزڵدان بە تەواوی بە تاڵ نە بووە

یان میز تەڵخە و ڕەنگی ئاسای نییە،

**بۆنی میز دەگۆڕێت و ئاسایی نامێنێت**
**یان میز خوێنی تێدا دە بیندرێت**

هەموو کەس کێشە و ئازارەکان وەک یەک هەڵناسەنگێنن؛ یەکێک لای زۆر ناخۆشە و بەڵام لەوانەیە ئەوەی تر لای کەمتر بە ئازار و کێشە بێت. نیشانەکان جاری وایە نادیارن و شەفاف نین. ئەگەر بێتو هەست بە نەخۆشی کرا و تای لە گەڵ دا بوو ئەوە لەوانەیە بەشی سەرووی گوورچیلەش تووشی التهاب بووبێت.

## هۆیەکان

جەستەی مرۆڤ "خۆی" لە سرووشتەوە سیستەمی بەرگری هەیە بەرامبەر بە باکتریاکان. ئەگەر رەوشی تە ندرووستی مرۆڤ لاواز بوو ئەوە لە بەرژەوەندی باکتریاکانە و زاڵ دەبن بە سەر سیستەمی بەرگری جەستەی مرۆڤدا.

بە هۆی ئەوەی کە باکتریاکان ڕێژەیان زۆرە لە دەورووبەری ئۆرگانەکانی جنسیدا، ئەوان زووتر دەتوانن خۆیان بگەینن بۆ ناو میزڵدان.ئەگەر خۆیان لە ناو میزڵدان جێگر کرد ئەوە لە وێدا بێکێشە دەمێننەوە و خۆیان دابەش دەکە(زیاد دەکەن).

بەردەوام میز کردن و بە تەواوی میزڵدان بەتاڵکردن هاوکارە بۆ پێشگیری کردن بە ڕێگایەکی سرووشتی کە باکتریاکان ڕوو لە زیادبوون نەکەن و تا ڕادەیەک زۆر زیان نەگەیەنن بە میزڵدان.

لە بەر هەندێک نەخۆشی/تێکچوونی ئۆرگانەکانی میزەڕۆی بەشی خووارەوە(میزدۆش بەشی کۆتایی ڕێگای میز) ناتواندرێت میز بە تەواوی بکرێتە دەرەوە، ئینجا هەندێک لە میز لە ناو میزڵدان دا دەمێنێتەوە و دەبێتە هۆکارێک بۆ مانەوەی باکتریاکان و زیادکردنی ڕێژەیان. بەم شێوەیە التهاب میزڵدان درووست دەبێت.

هەروەها ئەشێت کە نەخۆشییەکی زگماکی هۆکارێک بێت. بەتایبەتی ئەو منداڵانەی کە التهابی میزڵدانیان زوو زوو دووبارە دەبێتەوە، دەبێت مرۆڤ لێی وورد بێتەوە.

لە ئافرەتانی میانساڵدا ئەگەری کێشەی داخزانی مناڵدان(ڕحم) ولە پیاواندا کێشەی گەورە بوونی پرۆستات هۆکاری بەرجەستەن کە بەم هۆیانە نەتواندرێت میز بەتەواوی بکرێت و مرۆڤ تووشی چرکەمیزە بێت(تنۆکە تنۆکە میز کردن) و ئەوەش دیسان هۆکارێکە بۆ درووست بوونی التهابی میزڵدان.

نەخۆشەکانی نەخۆشی Diabetesmillitus واتا شەکرە بە ئاسانی تووشی نەخۆشی التهابی میزلدان دەبن چۆن شەکر لە ناو میزدا خۆشرتین و جوانترین سفرەی ڕازاوەی خۆراکە بۆ باکتریاکان.

## بۆ چی التهابی میزڵدان زیاتر لە ناو ئافرەتاندا پێش دێت؟

ئەم نەخۆشییە لە ناو ئافرەتاندا زیاتر پێش دێت تاکو لە ناو پیاوان.

میزدۆشی ئافرەتان کوورتترە لە هی پیاوان. لە پەنای ئەوەشدا میزدۆشی ئافرەتان زۆر نزیکە لە ئۆرگانی جنسییەکەی(Vagina) و لە کۆمی( anus ).

لەم ڕێگاوە بە ئاسانی باکتریاکان دێنە ناو میزڵدان.هەندێک لە ئافرەتان دوای کاری سەرجێگایی بە ئاسانی تووشی التهابی میزڵدان دەبن .ئینجا بۆیە دوای ئەوە میزکردن زۆر گرنگە و تا ڕادەیەک پێشگیری لە تووشبوونی التهاب دەکات.

لە کاتێ دووگیانیدا ئەگەری التهاب یەکجار زۆرترە لە کاتێ تر.لەم کاتەدا چڵکگرتن/التهاب زووتر یان زیاتر ڕووی دەدات کە ئەمە تەنیا لە ڕێگاکانی میز بەشی خوارەوە نامێنێتەوە بەڵکو دەڕواتە ڕێگاکانی

میز بەشی سەرەوە و ئەو کێشەیە دەبێتە مایەی چڵکگرتنی حەوزی گوورچیلەکانیش. ئینجا بۆیە لە کاتێ دووگیانی دا کێشەی التهابی میزڵدان نابێت خەمساردی لێی بکرێت.




وێنەی 2




وێنەی 3

رێگاکانی میز گی ئافرەتان
1- منالڵدان
2-ئۆرگانی جنسی
3-کۆم
4-میزڵدان
5-میزدۆش
6-ڕیخۆڵەکان

رێگاکانی میز هی پیاوان
1-کۆم
2-پڕۆستات
3-میزڵدان
4-میزدۆش
5-ڕیخۆڵەکان

## چڵکگرتنی/هەو کردنی حەوزی گوورچیلەکان- Pyelonephritis

ئەگەر چڵک Infection لە بەشی خوارێ بۆ سەرووەوەی ڕێگاکانی میز بڕوات، ئەبێتە هۆی پەیدابوونی هەوکردنی حەوزی گوورچیلەکان. ئەوە زیاتر دەرەنجامی خەمساردی یان چارەسەر نەکردنی التهابی میزڵدانە.

هەوکردنی حەوزی گوورچیلەکان زۆر سەختتر/بە کێشەترە لە هەوکردنی میزڵدان. لە ئاکامی هەوکردنی میزڵدان مرۆڤ سووکە هەستێکی ناخۆشی هەیە بەڵام لە ئاکامی هەوکردنی حەوزی گوورچێلەکان مرۆڤ زۆر هەست بە نەخۆشی دەکات.

### هۆکارەکان

وەک باسمان کرد خەمساردی یان چارەسەری نەکردنی التهابی میزڵدان، ئەبێتە هۆی کە هەو بڕواتە سەرەوە و حەوزی گوورچیلەش تووش بکات.

له كاتێكدا هەو/چڵك دەڕواتە سەرەوە كە ڕێگاكانی میز گیرابێت. دەرەنجام" میزی چڵكگرتوو" ناتوانێت بڕواتە دەرەوە و باكتریاكان ڕێگای هاتووچۆیان بە ئاسانی ئەدۆزنەوە و بەرەو سەرەوە دەڕۆن.
ڕێبەست یان گیرانی ڕێگاكانی میز لە چەند هۆكارێك پێك دێت وەك: ئەگەری كێشەی زگماكی و یان هەبوونی نەخۆشییەك وەك هەبوونی گرێ.
لە گرفتە زگماكیەكانی بە ناوبانگ گرفتی (Reflux ) واتا:" گەڕانەوە" كە لە منالآندا باوە. لەم حالەتەدا مێكانیزمی دەروازەبەستنی نێوان میزڵدان (Bladder) و بۆڕییەكانی میز هی ناو زگ( Ureters ) باش كار ناكەن.ئینجا لە كاتێ میزكردندا هەندێك میز دەگەڕێتەوە بۆ سەرەوە. ئەوە ئەتوانێت زیان بە گوورچیلە بگەیەنێت، بەڵام ئەگەر بێتوو میزەكە چڵكی گرتبێت(باكتریایی بێت)، ئەوە زۆر بە كێشەترە، كە ئەو حالەتە زۆرجار پێش دێت.
هەروەها بەردی گوورچیلەش ئەتوانن هۆكارێك بن بۆ ڕێبەستی میز.
لە پیاوانی بەتەمەندا كێشەی گەورەبوونی پرۆستات هۆكارێكە بۆ ڕێبەستی میز.
ئەگەر هۆكارەكان چارەسەر نەكرێن، ئەوە مرۆڤ زووتر تووشی هەوكردن/چڵكگرتنی حەوزی گوورچیلەكان دەبێت و مایلە بە گەڕانەوەی دووبارە. ئەوەش دەبێت بە هۆیەك بۆ زیان گەیاندن بە گوورچیلەكان.




Mogelijke plaatsen van afwijkingen die verstoppingen kunnen veroorzaken

① Vernauwing op de overgang tussen nierbekken en urineleider, het nierbekken zet hierdoor uit.
② In de urineleider, bijvoorbeeld door stenen.
③ De uitgang van de blaas.
④ In de plasbuis door vernauwing.

سەیری وێنە ژمارە 4 بكە:
لەم شوێنانە دا (1–4 ) ئەگەری كێشەی ڕێبەست هۆكارن

## توێژینەوەی لە سەر چڵكگرتن/هەوكردنی ڕێگاكانی میز

تویژینەوە لە سەر میز دەتوانێت ئەم نەخۆشییە دەستنیشان بکات.بۆ چڵکگرتنی میزلدان تویژینەوەی تر پێویست ناکات، بە مەرجێک ئەوە دووبارە نەبێتەوە.ئەمە هەروەها کێشەی هەو کردن/چڵکگرتنی حەوزی گوورچیلەکانیش دەگرێتەوە.
ئەگەر نەخۆشییەکە دووبارە و دووبارە بۆیەوە و یان ئەگەری ڕێبەست هەبوو ئەوە هەندیک تویژینەوەی تر پێویستن وەک: تویژینەوەی خوێن و بە ڕێگای echo&Röntgen .

## چارەسەری چڵکگرتن/هەوکردنی ڕێگاکانی میز

بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە زۆر گرنگە کە میز بە تەواوی و بە بێ کێشە لە لەشی مرۆڤدا بڕواتە دەرەوە. ئینجا بۆیە باشتر وایە مرۆڤ زۆر بخواتەوە(ئاو،شەربەت...) بۆ ئەوەی زۆریش میز بکات.هەندێک جار تەنیا خواردنەوە کێشەکە چارەسەر ناکات، ناچار پزیشک دەرمانی دژە باکتریا( Anti–biotica ) پێشنیار دەکات.
نەخۆشەکانی کە نەخۆشی Diabetesmillitus یان هەیە، ئەگەری زیاتریان هەیە بۆ تووشبوونیان بە کێشەی چڵکگرتنی میزڵدان.چارەسەریەکی ڕێکوپێکی نەخۆشی شەکرە دەتوانێت ڕێژەی جارەکانی تووشبوون کەم بکاتەوە
(بەرگری لە تووشبوون کەم بکاتەوە).
لە کێشەی چڵکگرتنی حەوزی گوورچیلەکان دا هە مووکاتێک دەرمانی دژە باکتریا زەروورە بەکار بهێندرێت.
ئەگەر چڵک/هەو دەرەنجامی ڕێبەست بێت ئەوە ئەبێت چارەسەر بکرێت. لەم حاڵەتەدا زیاتر بە چارەسەری نەشتەرگەری پەنا دەبرێت.
هەندێک جار لە ئاکامی خەمساردی و بایەخ پێنەدان بەم کێشەیە، زیان بە گوورچیلە دەگات.
ئینجا بەداخەوە تێکچوونی گوورچیلە ڕێگای لێ ناگیردرێت و لە ئاکامدا کاری گوورچیلە بەرە بەرە بەرەولاوازی دەڕوات.لە هەندێک حالەتدا ناچار لە کۆتاییدا پێویستە بە چارەسەری لە ڕێگای Dialyse,transplantation
واتا:خوێن پاک کردنەوە/پالاوتن و یان گۆڕینی گوورچیلە.
--------------------------------------------


سەرچاوەکان:
ک/ U en Uw Gezondheid نووسینی drs. Luc De Vries & drs. Sandra Schrooyen
www.nierstichting.nl
www.wikipedia.nl
www.gezondheid.be
www.cm.be/nl



gulala pshdery
Nederland
22 July 2007
Goli–67@hotmail.com